بەداخەوە ئەگەر25 ساڵ لەمەوبەر خەڵکی کوردستان لە وهەلومەرجە سەخت ودژوارەداکەمێك هیواو ئومێدێکیان بەژیانێکی باشتر هەبوو بەداخەوە ئەوا ئێستا ئەو تروسکایەکەمەی هیواو ئومێدیان بەژیانێکی باشتر نەما 25 ساڵ ژیانێکی باشتر هەربە نسیبی دەسەڵاتداران وحیزبەکان وبنەماڵەکانیان بووە ژیانێکی خراپترو مەمرەمەژیش هەمیشە بەنسیبی خەڵکی کوردستان بووە هەربۆیە تاکە ئاگە تاکە ئەتەرناتیف تاکە هیواو ئومێدی خەڵکی کوردستان لەم قۆناغەی ئێستادا و بەزگاربوون لەم نەهامەتیەو مەینەتباریە تەنیاو تەنیا خەبات وفشاری جەماوەری و مەدەنیانەی بەردەوامە لەسەرتاسەری کوردستاندا لەشوێنی کارو شوێنی ژیانیاندا لەپێناو بەدەست هێنانی ماف و داواکاری و خواستە ئینسانیەکانیاندا دەبۆ بەخەباتی بەردەوامی جەماوەری سەرتاسەری ئەم دەسەڵاتە ئیجبارکرێ کەتەسلیم بەئیرادەوبەخواستەکانی خەڵکی کوردستان بێت وهەموو سەروەت و سامانی ئەم هەرەمەیە بگەڕێتەوە بۆخەڵکی و خەڵکی کوردستان لێ ی بەهرەمەند بێت دەبێت هەموو خزمەتگوزاریەسەرەتاییەککان بدرێتەوە بەخەڵکی دەبێت خەڵکی کوردستان خۆشگوزەران بژی و وەك ئینسانی سەردەم بەهرەمەند بێت لە هەموو مافەئینسانیەکانی دەبێت مووچەو هەمووشایستەدارایەکان بدرێتەوە بەماماستایان و فەرمانبەران دەبێت ئازو شکۆبگەڕێنرێتەوە بۆتاك وئینسانی کورد .

پەیامی جەنگ و ڕکەوتنەکانی حەەب و موسڵ! … نوری بەشیر:

کارەساتی حەەب و لایەنە بەشداربووەکانی:

ئەوەی ئێستا لەسوریا ڕووەدات لەژێرناوی ئازادکردنی حەەب، یان تەسلیمبونی حەەب، دەورەیەکی تازەیە لەجەنگی بەوەکالەتی چەند ساڵەی سوریا، کەهەردوو قوتبی هێزە ئیمپریالیستیەکان جیهانی و هاوپەیمانەکانیان لەژێر ناوی دژی تیرۆردا بەرۆیان خستووە، دنیا شاهیدی کوشتارو کاولکاریەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی بوون، ئێستاش تراژیدیایەکی گەورەتریان لەحەەب بەریخستووە لەلایەن روسیاو هاوپەیمانەکانیەوە. دەورەیەکی نوێ لەجەنگی سوریادا کە روسیاو هاوپەیمانەکانی وەکو دنیای چەن قوتبی تیایدا پێشەوی دەکەن و ئەمریکاو هاوپەیمانانی پاشەکشەیان تێدا کردوە، دەورەیەک کەتەوازنی هێزو جێگاو ڕێگای قوتبە جیهانیەکان ئالوگۆڕی بەردا هاتووە، کەبەدڵنیاییەوە لایەنەکان و دەوڵەتەکانی نێوان ئەو بلۆک بەندیە جیهانیە بەهەمانشێوە ئاوگۆڕیان بەسەردا دێت، کە چەن لەچەندین ساڵی ڕابردودا قوربانیەکانی خەڵکی بێتاوانی مەدەنی بووە، لەئاینەدەی سوریاو ناوچەکەدا بەگشتی لەدرێژەی هەلومەرجی ئێستادا کە لەحەەب و موسڵ دەچێتە پێشەوە بەهەمان شێوە لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو بەشمەینەت و مەدەنیەتی کۆمەڵگادا نیە. لەهەفتەی ڕابردووەوە هاتوهاواری ئازادکردنی شاری حەەب یان تەسلیمبوونی لەسوریا بانگەوازی بۆ دەکرێت، حەەب لەساڵی 2012 وە مەیدانی جەنگی نێوان دوو لایەن و بەرەی کۆنەپەرستی تیرۆریست بووە، نێوەی لەژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و قەومیدا بووە، نیوەکەی تری لەژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدو هاوپەیمانەکانیدا بووە، هاوکاتی ئەو بانگەوازە، هەواڵی جەرگبڕو تراژیدی ئینسانی لەم شارەدا لەمیدیاکانەوە نیشانی کۆمەڵگای ئینسانی دەدرێت لە کوژراو و بریندار لە ژن و منااڵ و پیرو هەواڵی ئیعدامی بەکۆمەڵ دەبیسترێت، جارێکی تر هەواڵی ناو قوربانیەکانی ئەم کارەساتە بەدژی ژنانە کەلەلایەن هێزە ئیسلامیەکانەوە کەداوا لە ژنانا ئیسلامیەکان دەکەن فتوای کوشتنی ژنانی ڕۆژهەاتی حەەب بدەن نەک

بکەونە دەست هێزەکانی سوپای بەشار ئەسەدو پاسداران و حزبوڵاوەو دەستدرێژی جنسیان بکرێتەسەر، هەروەک لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا قوربانی یەکەمی دەستی هەموو دەستەوتاقمێ ئیسلامیەکان بەداعش و باقی ئیسلامیە میانەوەکانی دژستی ئەمریکا ژنان بوون. کارەساتێکی ئینسانی کە قوربانیەکانی جەستەی خونناوی لەگەڵ کاولکاری شارەکەداو بوونی لاشەیەکی زۆری ژێر دیوارو سەربانی روخاوی خانوەکان لەلایەن فڕۆکەکانی روسیاو بۆمبارانی هێزەکانی ئەسەدو هاوپەیمانیەوەن، ئەمانە هەمووی لەژێرناوی ئازادکردنی حەڵەب و دژایەتیکردنی تیرۆر بەدنیای دەفرۆشن. هەروەها هاواری ژن و منداڵ بەسەر لاشەی ئازیزانیان بەمردووی و بریندارییەوە، وە پەیامی ئەوەیان بۆ جیهان هەیە لەکورتماوەدا لەبەینی ژیان و مردندا چارەنوسیان نادیارە. وە بەپێی راپۆرتی مافی مرۆڤی سوری و بەتایبەت نوسینگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکا و وەزیری پێشوی بەریتانیا، پاش ئەوەی هێزەکانی سوپای بەشار ئەسەد و هاوپەیمانانی دەچنە بەشێکی رۆژهەڵاتی حەڵەبەوە، بەسەدان کەس لەخەڵکی مەدەنی لەناو شارەکەدا لەلایەن ئەو هێزە ئازادکەرانەوە بەئاشکرا ئیعدام دەکرێن لەوانە ژمارەیەکی زۆریان ژن و منداڵ و کارمەندی نەخۆشخانەکانی تیدایەو وە هەوالێ سوتانی ژمارەیەکی زۆر لەمەدەنی هەیە بەزیندووی.

کارەسات و سیناریۆی ئێستای ئەم شارە کارەساتەکانی پێنج ساڵی رابردووی ئەم وڵاتە نیشاندەدات لەژێر سایەی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان کەجەنگێکی دژی ئینسانیان بەڕێخستووە و قوربانیەکانی رابردوو و ئەم رۆژانەی خەڵکانی مەدەنیە. بەڵام چەواشەکاریەکانی پشتی دەستەواژەی ئازادکردنی حەڵەب و تەسلیمبوون، زۆرلایەنی شاراوەی تر لەوانە کەئایا، ئازادکردنی حەڵەب لەنەزەری کێوەو لەبەرژەوەندی کێدا، ئازاکردنی لەکێ، وە لەلایەن کام هێزەوە ئازاد دەکرێ، وە کام لە هێزەکان جێگرەوە دەبێت لەو شارەدا،وە کام لایەن تەسلیمبووە و بەکی تەسلیمبووە، لەکاتێکدا لەم جەنگەی حەڵبدا هەروەک جەنگی بەناو ئازادکردنی مۆ، روداوگەلێکی تازە و هێزگەلێکی جێراوجێر لەم پرسەیەدا هاتوونەتە ناو هاوکێشەکەوە و رێکەوتنی جێراوجێری تێدا ئەنجامدراوە، کەهەموو ئەوانە زێر دژی ئینسانی و هاوکات سەرلێتێکدەرە.

هێزەکانی ئازادکردنی حەڵەب، لەسوپای بەشار ئەسەدو هاوپەیمانەکانی، بەپێچەوانەی دەورەی پێشوو لەم وڵاتەدا زێر ئاشکران و بەوەحشیگەریەکی بوینە و ئاشکرا دەکوژن وکاول دەکەن،

بەڵام سیاسەتێک کەلەپشتیەوەیەتی و ڕۆشنە ئەوەیە نەخەڵکی تیا رزگار دەکرێت و نەئایندەیەکی باشتریش چاوەڕێی ئەو خەڵکە دەکات. هاوکێشەو جەنگی دەورەی رابردوو بەسەرپەرشتی ئەمریکا بوو لەکوشتن وکاولکاری، لەیاسای دژی ژن و تیرۆر، بەهەمان شێوە ئێستای حەڵەب بەسەرپەرشتی روسیایەو درێژەی هەمان سیاسەتە لەلایەن قوتبی مخالفەوە، کەلەدەورانی چەند ساڵی ڕابردوودا بەهەمانشێوە بەکارهێنانی چەک فسفۆری و ناپاڵمو کاولکاریان ئەنجامداوە. ئەوەی ڕۆشنە لەم هەرشەی حەبدا کەئەو هەزانە چی ناو لێدەنێن، نیشانەی ئاوگۆڕە لەتەوازنی هێزی قوتنە جیهانیەکاندا ڕویداوە، تەوازنی هێز لەنێوان دنیای دوو قوتبی چێتەە قۆناغێکی تازەی جەنگی هەردوو قوتبەکەو جێگۆڕکێی هاوپەیمانانیان، هەربۆیە مەیدانی شەڕەکەو جۆری شەڕەکەو ڕێکەوتنی لایەنەکان شێوەی تری بەخۆیەوە گرتووە، کەمجارە تورکیا وەک هێزێکی چالاک دەوری دووڵایەنەی هەیە لەژێر ناوی دەرکردنی خەڵکی مەدەنی ئابڵوقە دراوی حەڵەبدا خەریکی فریاکەوتنی ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامیەکانی هاوپەیمانیەتی لەو شارەدا، لەلایەکی ترەوە دەوری وەساتەت دەبینێت لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و سوپای بەشار ئەسەدا، کەلەوێدا پشێوەیەکانی سوپای ئەسەد و هێزنواندنی بەرچاوە.

سیاسەتی ئێستای پشتی ئەم کوشتارو کاولکاریەی حەڵەب، بەدوای ڕێکەوتنێک دێت کەلە جنێف لەنێوان ئەمریکا و غەرب لەگەڵ روسیا بۆ وەستانی شەڕ لەم شارەدا کراوە، لەدرێژەی ئەم پرسەی ڕێکەوتنەوەدا و هێرشی ئەسەدو هاوپەیمانانی بۆ بەشی ژێردەستی ئۆپۆزسیۆن و پشێوەی و گەرمارەدانی ئەو ناوچانە، یەکسەر بەدوایدا ڕێکەوتنی روسیاو تورکیا بۆ ڕزگارکردنی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و چۆڵکردنی شارەکەیە لەخەڵکی مەدەنی دەستی پێکرد، هەروەها تورکیا وەک وەفدی مفاوزە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و روسیاو سوپای ئەسەددا بۆ چۆڵکردنی ناوچە شیعە نشین و سوننە نشین هاتە پێشەوە. هێزە سەرەکیەکانی کەئیدعای ئازادکردنی حەڵەب دەکەن پێکهاتووە لە؛ سوپای بەشار ئەسەد، 'حەشدی شیعەی پێکهاتوو لەشیعەکانی عێراق، پاکستان و ئەفغانستان'، حزبوڵای لوبنان، سوپای پاسدارانی ئێرانی و هەموویان بەسەرپەرشتی روسیا. ئەمانەن ئێستا ئازادکەری حەڵەب و دەبنە جێگرەوەی هێزە قەومی و ئیسلامیە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاو سعودیەو قەتەرو تورکیا کە ئیدعای ئەوە دەکرێ تەسلیمبوون؛ لە بەرەی نوسرە کەبووە بە فەتحی شام، سوپای ئۆپۆزسیۆنی ئازاد و دەیان جۆری تری دەستەجاتی ئیسلامی کە ئەمریکا لەژێر ناوی ئیسلامی میانەڕەودا کۆمەکیان دەکات و کۆنەپەرستترین سیاسەتی سەردەمیان لەچەند ساڵی ڕابردوودا پیادەکردووە .

سیناریۆی ئێستای ئازادکردنی حەلەب کەلایەن هاوپەیمانانی روسیاوە رادەگەیەنرێت بەو کۆمەکوژی و کاولکاری و پاکتاوکردنەی ئینسانەکان لەناوچەکانیان بەناوی مەزهەبی شیعەو سونیەوە، بەهەمان شێوە دوو مانگ لەمەوبەر هەمان پەیامی خۆئامادەکردنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی لەعێراق بۆ پرسەی ئازادکردنی موسڵ و لەژێرناوی دژی تیرۆردا راگەیەنراو دنیا شاهیدی تراژیدیاکانی موسڵ هەن لەلایەن هەردوو بەرەی جەنگەکە، داعش لەلایەک و ئەمریکاو هاپەیمانەکانی لەلایرکی تردەوە، ئەگەرچی جەنگی موسڵ بەناو دژی داعش بەسەرپەشتی ئەمریکایە بەڵام هەرلەسەرەتاوە حەشدی شەعبی هێزی خۆی تێدا پێشەوی کردو هێزی تێداگرت و لەکاتی ئەم پرسەی ئازادکردنی موسڵەدا بەوڵنەی هێزکی فەرمی پەرلەمانی عێراق ناساندی کە بۆ ئایندەی موسڵ و عێراق و کوردستان دەورکی مەترسیداریان دەبێت، ئەمەش وەک حەلەب نفوزو دەوری جمهوری ئیسلامی ئێرانی تیادا بەرجەستە دەبێتەوە لەهەوڵدان بۆ بردنی عێراق بۆ دەسەڵاتکی شیعە مەزهەب. وەزعی حەلەبیش کە لەچوار ساڵی رابردوی وێرانکردن لەنۆوان رەحمەتی ئەو دوو لایەنەدا لەهێزی ئەسەدو ئۆپۆزسیۆنی ئیسڵامی، خەریکە پێدەنێتە قوناغکی نوێ لە رێگاچارەی بڵکبەندیە جیهانی و سەرمایەداران و بەرژەوەندیەکانیان لە پاکتاوکردنی ناوچە مەدەنیەکان بەپێی مەزهەب، ناوچەکان چێدەکەن، ئەم سیاسەتە تازەیە لەگەڵینی تەوازن بەلای سوپای ئەسەددا کەپشتەوی روسیایە لەم دەورەیەدا، ئایندەیەکی باشتر بۆ خەک جگە لەسەرگەردانی وئاوارەیی بەناوی ئاوارەی سونەو ئاوارەی شیعە شتکی تر چاوەڕوان ناکرێت.

تراژیدی ئێستای حەلەب کەمەگای مرۆقایەتی لەجیهاندا هەژاندوە و بەناچار دەوڵەتانی گەورەی سەرمایەداری کەخۆیان سەرچاوەی ئەو کارەساتەن و دەستیان هەیە لەو جەنگ و ئیعدام و کوشتارو کاولکاریانەدا، سەرانیان لەچەشنی ئەمایا، فەرەنسا، تورکیاو بەریتانیاو ئەمریکا تا دەگاتە یوئێن... ناتوانن ئینکاری ئەو وەحشیگەریە بکەن کەلهحەلەب روودەات، و دەیانەوێ تەنیا بەرەی روسیاو هاوپەیمانانی تاوانبار بکەن، وەکەوتونەتە ژێر فشارەوەو نیگەرانی خۆیان شەرمنکانە لەو تراژیدیە ئینسانیەی نیشاندەدەن وەک ئەوەی چەند ساڵی رابردووی کاولکاری سوریا ئەوان بەرپرس نەبن، نیگەرانن نین لەگەانەوەی دەسەاتی ئەسەد بۆ ئەو ناوچانە و پاکتاوکردنی خەکی مەدەنی لەسەر ئەساسی مەزهەب کەهەزاران ساڵە پکەوە دەژین بەبۆ کۆشە، کە بەرگکی کە دەکەن بەبەری خەکدا کەخۆیان خوازیاری نین، لەبەر ئەوەی پشتر لەجنۆف رکەوتون لەسەری، بەڵام بەپێی تەوازن روسیاو هاوپەیمانانی زیاتر لەو

ڕکەوتنە پێشەویان نواندووەو لەئایندە ئەمجارە دەورەی ئەوەیە بەپێی تەوازنی هێز کەلەبەلای روسیاو بەشار ئەسەدایە گفتوگۆ لەسەر ئایندەی سوریا بکەن.

هەر لەناوەڕاستی ئەو هەفتە خوێناویەدا دەرکەوت کە سیاسەتی ئەم دەورەیەیان سیاسەتی مەزهەبیانەی دابەشکردنی خەڵکی مەدەنی سوریای لەپشتەوە وەستاوە، کەحەڵەب لەسونە نشین چۆڵ بکرێت، لەبەرامبەردا چۆڵکردنی ناوچەکانی هەردوو گوندی فوعە و کفریای سەر بەپارێزگای ئیدلب کەشیعە نشین و لەلایەن ئۆپۆسیۆنی ئیسلامیەوە گەمارۆدراون و دەستبەسەرن. ئێستا کاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە پاسی تایبەتیان بەسەرپەرشتی یوئێن و خاچی سوری نێو دەوڵەتی بێ داناوب، خەریکی گواستنەوەی هەردوو خەڵکی ناوچەکانن، لەژێر ناوی رزگارکردنی خەڵکی مەدەنی ئەم ناوچانەو ساتو سەودای هێزەکانی بەشارو ئۆپۆزسیۆن لەسەر گۆڕینەوەو ئاسانکاری بێ دەربازکردنی گروپە ئیسلامیەکانە و ڕێگاکردنەوە بێ درچونیان، بەسەرپەرشتی تورکیا دەبرێت بەڕێوە، ئەم سیناریۆیە لەموسڵیش بێ دەربازکردنی داعش و هێشتنەوەی ڕێگایەک بۆیان ژمارەیەکی زۆری داعش دەربازکران چ لەو ڕێگایەوەو چ لەڕێگای هێزەکانی تورکیاوە لەموسڵ. ئەوەی لەچەند ساڵی ڕابردودا لەسوریا ڕوویداوە، ئەوا لەم هەفتەیەی ڕابردوودا نموونەیەکی بەرجەستەو ئاشکرای هەموو ئەو هێزانەی کەفرمێسکی درێزنانە بێ خەڵکی سوریا دەڕژن، ڕاستی سیاسەتو ماهیەتیان بەشێوەی وەحشیانە نیشانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا، کە لەیەکەمین ساتەکانی چوونە ناوەوەی هێزەکانی ئەسەد بێ پاکردنەوەی بەشکی ڕژهەڵاتی حەڵەب لەئۆپۆزسیۆن، سەدان کەسی مەدەنیان لەژن و منداڵ و گروپی پزیشکی ئیعدام وگولەباران کردوە، کەقارەمانەکانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارو کردەوانەێ پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئێران و حزبوڵای لوبنان و سوپای ئەسەد بەسەرپەرشتی روسیا بووە.

حەڵەب لەنێوان ئازادکردن و ڕکەوتنی لایەنەکاندا:

جەنگێک کەلە حەڵەب و موسڵدا هەیە، جەنگێکە بەپێی سیاسەتی دنیای دوو قوتبی ئێستاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەییەکانی سازدراوەو دەچێتە پێشەوە، بەپێچەوانەی دەورەی پێشوو کەئەمەریکا دەیویست خۆی بڕیاردەربێت، هیچ نزیاکەیەتیەکی بەرزگارکردنی خەڵکی مەدەنی ئەو شارەو و دڵهاتەکانی دەوری ئیدلیبەوە نیە، هەر ڕکەوتن و ساتوسەودایەکی دەوڵەتان و لایەنەکان، بێ بەرژەوەندی تایبەتی دەوڵەتە سەرمایەداری و دەسەڵاتەکەکانیانە، هەر بەوپێیەش ڕژی

شەممەی رابردوو لە 10ی دیسەمبەردا رژێمەکەوتنی ئاگربەست لەجنێف لەلایەن ئەمریکاو روسیاوە لەحەڵەب ئەنجامدراوە، هاوکات دوو رۆژ دوای ئەوە واتە رۆژی دوو شەممە هێرشی روسیاو هاوپەیمانانی بۆ سەر بەشی رۆژهەڵاتی حەڵەب دەستی پێکرد، وە تا سێ شەممە پێشەوی هێزەکانی ئەسەد و کوشتارەکانی، میدیای فەرمی جیهانی و دەوڵەتان لەتراژیدی ئینسانی حەڵەب هاواریان لێهەسا، هاوکات رژێمەکەوتنی روسیا و تورکیای تێدا هاتە دەرەوەو بەپێی ئەو رژێمەکەوتنە ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆن بەچەکی سوکەوە لەگەڵ خەڵکی مەدەنی شارەکە چۆڵ بکەنو رێگایان بۆ بکرێتەوە بۆ دەرچون بۆ ناوچەکانی تری دەرەوەی حەڵەب کەئۆپۆزسیۆن تیایدا دەسەڵاتدارن، ئەوەش تا کاتژمێر 5ی بەیانی چوار شەممە 12ی دیسەمبەریان دانا، هەر لەو کاتەدا لەژێر ناوی چۆڵنەکردنی باڵە تووندڕەوە ئیسلامیەکان و بەرگری کردنیان، هاوپەیمانانی روسیا حەمەلەیەکی فراوانیان بۆ ناوچەکانیان کردوەو مەدەنیەکی زۆر کوژراو بریندار بووە. هەر بەدوایدا رۆژی پێنج شەممە هاوکاتی رژێمەکەوتن لەسەر حەڵەب، رژێمەکەوتن لەسەر گوندەکانی فوعە و کفریای ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆن هاتە ئاراوە. هەموو ئەم ماوەیە هاوپەیمانانی روسیاو بەیارمەتی فڕۆکەکانی، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیان لەناوچەیەکی بچوکی حەڵەبدا گەمارۆ داوەو ئەمڕۆ بەردوام لەدوو شەممەوە هەواڵی پاکردنەوەی تەواوی حەڵەب و شایی و خۆشی سوپای ئەسەد و هاوپەیمانانی دەبیستریت، وە پاکردنەوەی حەڵەب لەئۆپۆزسیۆن، بەمانای باڵا دەستی سوپای ئەسەدو هاوپەیمانانی لەمیدیای جیهاندا تەکیدی لێدەکرێتەوە، وە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش تاکیدی رژێمەکەوتن و پاشەکشەیان دەکەنەوە. هەروەها بەپێی وتەبێژانی سوپای ئەسەدو هاوپەیمانانی راوەستانی پڕسەی دەرچوون لەحەڵەب، بەستراوە بەو سیاسەتەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی کەڕێگریان لەمەدەنیە شیعەکان کردوەو 6 لەو پاسانەی کە یوئێن داینابوە لەحەڵەبەوە مەدەنی سونە و ئۆپۆزسیۆنیان بۆ ناوچەکانی فوعە و کفریا بردوە تا مەدەنی ناوچە شیعەکان لەوێوە بگوێزنەوە، سوتاندوەو رێگریان لەگواستەوەی شیعەکان کردوە بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی سوپای ئەسەد.

لەگەڵ ئەوەی ئەو رژێمەکەوتنە لەسەر حەڵەب کراوە، ئێستا روسیاو هاوپەیمانانی بەکەوتنەوەی تەوازنی هێز بەلایەندا لەگەڵ جەنگەکەدا لەوە زیاتریش ڕۆشتوون، ئەو کاری پڕسەی پاکتاوکردنی ناوچەکانی سونەو شیعە ناوەستێت لەم دەوریەدا، وە دنیا سەرکەوتنی سوپای ئەسەدو هاوپەیمانەکانی و شکستی ئەمریکاو هاوپەیماننانی دەبینێت. بەپێی هەواڵەکانی روسیا ژمارەیەک چەکداری ئۆپۆزسیۆن خۆیان

تەسلیمی هیزەکانی ئەسەد کردوە و هەزارانیش لەدوو شەممەوە ناوچەی رۆژهەڵاتیان بەرەو ناوچەی رۆژئاواو دەرەوەی حەڵەب جێهێشتووە دەیان هەزاریش هێشتا لەحەڵەبدا ئابووقە دراون لەژێر بۆمبارماندان بەبێ نان و ئاو، وە ئەوەیان راگەیاندوە کە ئازادکردنی حەڵەب لەلایەن سوپای ئەسەدەوە هێزە ئیسلامیە تووندڕەوو میانەڕەوەکانی لەیەک جیاکردۆتەوە، بەحساب یەکەمیان بەرگری دەکات و دووەمیان خۆیان تەسلیمی سوپای ئەسەد دەکەن، یان رێکەوتن هەیە لەگەڵیان، بەمەشیان دەردەکەوێت کەکۆشەو دووبەرەکیان خستبێتە ناو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە، راستی ئەمەش لەکۆشەیان لەناوچەی ئیدلیب و سوتانی پاسەکانی یوئێنە. هەموو ئەو پشێوەیانەی ئەسەدو هاوپەیمانانی و شکست و پاشەکشەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی هاوپەیمانانی ئەمریکا هەر لەسعودیە، قەتەر تا تورکیای نیگەران کردوەو دەخالەتی تورکیا بەوە دەچێ بەنوێنەرایەتی ئەو وڵاتانە ئەژمار بکرێت بێ رزگارکردنی ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامیەکانی حەڵەب. دەوری عەجولانەی تورکیا بێ رزگارکردنی لایەنگرانیان لەحەڵەب ودەوری ناوەنجیگەری نێوان روسیاو ئەدسەد لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا، نزیکەوتنەوەی زیاتری تورکیا لە روسیاو هەروەها ئەگەری ئەوەیە هەیە هاوپەیمانانی تری ئەمریکا نزیکایەتی و ڕوو بەروسیاو بەشار ئەسەد زیاتر بێت. وە هەواڵی ئەوەش هەیە لەچەند ساڵی رابردودا تورکیا هێزێکی زۆری ناردبێتە حەڵەب بۆیە ژمارەیەک لەوانەی ئۆپۆزسیۆن تورکی بن کە گەمارۆ دراون، کەهەمان ئەم سیناریۆیەی بوونی هێزی تورکیا لەموسڵدا هەبوو لەسەرەتای جەنگدا کەدەنگی دەرکردنی سەدان داعش و هێزەکانی تورکی لەموسڵ لەرێگای هێزەکانی تورکیاوە بۆاوبۆوە، کەئەم دەورەیە تورکیا هەم لەموسڵ و هەم لەحەڵەب مەوجود بووەو دەوری هەیەو بەرچاوەڕۆ.

بەرەکانی جەنگی حەڵەب و موسڵ، چی سیاسەتێک نوێنەرایەتی دەکەن؟:

ئەوەی ئێمە جەنگەکانی سوریا، عێراق، یەمەن و لیبیا، بەجەنگی وەکالەت ناودەبەین واتە ئەوە جەنگی خوازراوی نێوان خەڵکی ناوچەکانی ئەو وڵاتانە نیە دژی یەکترو کەجارەها حزبی قەومی وئیسلامی و جاراوجار دروستبووەو دابەشکراون بە تووندەڕەو میانەڕەوە، بەسونی و شیعەوە، بەکو جەنگی نێوان قوتبە جیهانەیەکانی سەرمایەداریە کە ئەمریکاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەییەکان لەلایەک و روسیاو هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوە، وە دەوڵەتانی ناوچەکەش دەوری بەرچاویان و هەریەکەیان بەبارنامەو بەرژەوەندی خۆیانەوە بەشداری دەکەن. هەمووی لەسەر بەرژەوەندی و ئایندەی دەسەڵاتیان لەناوچەکدا دەچێتە پشەوە، بەتایبەت بەدوای

شکستەکانی ئەمریکا لەئەفغانستان، عێراق، و ئۆکرانیا و بۆ بەدیلی فڕۆکەی سابت و وەڵامدەرەوە بۆ فەرمانەوایی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وە ڕاستیەکانی ئەمەش لەدوای ڕاپۆینەکانی میسرو تونسەوە دەرکەوت و سەلماو ڕوسیای وەک ڕەقیب وبلۆکی بەرامبەر لەڕۆگای سوریاوە هێنایە مەیدانەوەو لەپشێوەیدایە، نموونەکەی ئێستا لەسوریا خۆی دەردەخات.
ئەگەر هێزەکانی ئەم جەنگانە لەحەڵەب و موسڵ و سیاسەتێک کەهەیانە، لەنەزەری بەرژەوەندیەکانی خەڵکی مەدەنیەوەڵ سەیر بکەین، هەموو هێزەکان بە ڕوسیاو سوپای ئەسەدە لەحەڵەب، بەئەمریکاو سوپای حەیدەری لەموسڵ و باقی هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی ئۆپۆزیسۆن تا دەگاتە داعش، واتە ئازادکەران و تەسلیمبووانەوە کەئێدعای دەکرێ، هیچیان نەلەبەرەی خەڵکدا بوون و هەن، نەدەتوانن وەڵامدەرەوەی نیازی خەڵک و ژیانێکی باشتری ئینسانی بێت، نەبەرنامەیەکیان هەیە کەبەرژەوەندی خەڵکی تێدا بێت، جیا لەئایندەیەکی تاریکترو خراپتر بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەو سەرتاسەری ئەو وڵاتانەش بەوجود ناهێنن

ئێمە لەپرسەی بەناو ئازادکردنی موسڵدا لەلایەن ئەمریکاوە کە سوپای عێراقی تێدا خستە پشەوە، لەگەڵ هاوپەیمانانێکی تری ئەمریکادا لەئاستی جیهان و ناوچەکەدا، کەراستەوخۆ لەموسڵدا لەهێزەکانی سوپاو پۆلیسی عێراقی، لە"حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی ئێرانی لەڕۆگای حەشدی شەعبیەوە"، هێزی میلیشیای حزبە ناسیونالیستە کوردەکان و وجودی تورکیایە، وتمان کەلەناوبردنی داعش نەک بۆ خەڵکی موسڵ بەکو بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان عێراق و ناوچەکەو بەرەی ئازدیخوازو مەدەنی لەدنیا دەستکەوتە، بەڵام ئەم پرسەی ئازادکردنەی موسڵ لەلایەن ئەمریکاو ئەو هاوپەیمانانیەوە نەبەدژی داعشەو نەداعشیش لەناو دەبات، نەخەڵکی موسڵ رزگار دەکات و نەئایندەیەکی باشتریش بۆیان دابین دەکات، داعشێک لەموسڵ پاکدەکاتەوە بەڵام چەندین هێزی داعش ئاسا جێی دەگرێتەوە. ژێرخانی ئابوری و مەدەنیەتی کەمەڕگا بەتەواوی وێران دەکەن، نموونەی زیندووی لەناو بردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بۆرژوا ناسیونالسیت قەومی عەرەبی بەعس لەعێراقدا، لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانیەوەو جێگرتنەوەی بەدەیان بۆرژوا قەومی و ئیسلامی کۆنەپەرست و دیکتاتۆری تر، کە ئێستا ڕاستیەکان لە ژیانی خەڵکی مەدەنی عێراق و کوردستاندا دەبینرێت، ئەمە ڕاستیەکەو کەس ناتوانێت نەیبینێت و ئینکاری لێبکات و چاوی خۆی لەئاستیدا دابخات. هەر ئێستا کە هێشتا داعش دەرنەکراون لەموسڵ، بەرنامەی هەریەکە لەو هێزانە و بەرژەوەندی جیاوازی ئەو هێزەن ئاشکرا بووەو لەوەش خراپتر دوای

پاکردنەوەی موسڵ لەداعش ترسی جەنگێکی قەومی و مەزهەبی هەیە لەبەڵێی خەن.
ڕۆشنە بەسیاسەت و بەرنامەیەکەوە کەئەمریکاو هەریەکە لەهاوپەیمانانی هەیانە لەجەنگی موسڵدا، جیا لەقوربانیەکی زۆری خەڵکی موسڵ لەو جەنگەدا و داماڵینی ژێرخانی ئابووری و مەدەنی ئەو شارە، ئەوا لەئایندەی پاکردنەوەی موسڵ لەداعش، فەزایەکی ماڵوێرانی و کوشتارو جەنگی مەزهەبی و قەومی نەک تەنها بۆ دانیشتوانی موسڵ، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو خەڵکی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش دەبێت، کە هاوپەیمانانی ئەمریکا لەجەنگی موسڵدا کەئەمڕۆ دەسەڵاتدارن لەعێراق و کوردستاندا، لەموسڵی دوای داعشدا درێژەدەری دەسەڵات و سیاسەتی بەرژەوەندی خوازی خۆیان دەبن کەئێستا خەڵکی مەدەنی بەدەستیانەوە گیری خواردووە. راستیەکانی لایەنەکانی هاوبەشی جەنگی موسڵ کەهەریەکە بە بەرنامەو سیاسەتی بەژەوەندی خوازی قەومی و مەزهەبی خۆیانەوە هاوپەیمانی ئەمریکان لەپرسەی ئازادکردنی موسڵدا دەبێ چ ئایندەیەک جیا لەوەی ئەوەی ئێستا لەحەڵەب لەژێر سایەی هێزەکانی روسیاو هاوپەیمانەکانیدا دەبینرێت بۆ خەڵک دابین بکرێ!.

ئەم پێشبینیانە هەر لەسەرەتای جەنگی حەڵەبدا دەرکەوتووە، حەڵەبێک کەیەکێکە لەشارە گەورەکانی موسڵ، کەتەمەنی شارستانی خۆی لەچوار هەزار ساڵ دەدات، وە شارێکی مێژوویی و شارستانی و شوێنی پێشەسازی و ئابوری گەورە بووە، لەساڵی 2012 بووەتە شارێکی وێرانەو ئاورەیی و کوشتارگا بۆ خەڵکەکەی، بووەتە جێگای هەموو جۆرە دەستەجاتی قەومی و ئیسلامی کۆنەپەرست، کوشتار و برسیکردن و کاولکاری و یاسای کۆنەپەرستانە روخساری ئەم شارەی داگرتووە، هەموو یاسایەکی دژی ئینسانی تیادا پیادەکراوە، هەموو ئاسەوارێک لەژێرخانی ئابووری و مەدەنی وەک خۆی نەماوە. بەشی زۆرئاوای لەژێر دەستی ئۆپۆزسیۆنی قەومی و مەزهەبی میلیشیادا بووە. بەردەوام جیا لەوەی خەڵکی مەدەنی ئەم دوو ناوچەیە قوربانی تێپباران و کوشتاری بەرامبەر بوون، بەهەمان شێوە قوربانی سیاسەتی هەریەک لەو دوولایەنەش بوون کەدەسەڵاتیان هەبوو لەو ناوچانەداو سیاسەتی دژی ئینسانی خۆیان لەسەر خەڵکەکەدا تاقیکردۆتەوە، بەپێی هەواڵەکانی چاودێری مافی مرۆڤی سوری و بەشی مافی مرۆڤی یوئێن، لە 15ی نۆڤەمبەرەوە واتە لەنزیکەی یەک مانگی رابردووداو، 415 مەدەنی و 364 چەکداری ئۆپۆزسیۆن لەناوچەی زۆرهەڵاتی حەڵەب کە تێدا ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتدارە کوژراوە، وە 130 مەدەنی لەناوچەی زۆرئاوای حەڵەب

بەڕمبارانی ئۆپۆزسیۆن کوژراون. وە لەم چەند ڕۆژەی تونبووونەوەی جەنگەدا بەدەیان هەزار کەس ئاوارە بوون و کۆمەکوژی کراوە، دەیان هەزاری کەس لەبەردەم هەڕەشەدایە. حەڵەب و زۆرێک لەشارەکانی تر و ڕەقەی ژێر دەسەڵاتی داعش لەژێر ڕەحمەتی ئەو هێزە ئیسلامی و قەومیانەی بەناو دژی دەسەڵاتی ئەسەددا بووە، دنیا هەواڵی ژیان و گوزەرانیان لەبرستێتی و کوشتن و ئاوارەیی و داسەپاندنی کۆنەپەرستترین یاسای دواکەوتوانەو ئیسلامی و دژی ژن و کوشتارو ئاوارەیی دا ئاگاداڕە، ئەوەتا لەیەکەم ڕۆژی دەسەڵاتی هێزەکانی بەشار ئەسەدو باقی هاوپەیمانانی ڕوسیا، بەهەمان شێوە بەسەدان کەس لەخەڵکی مەدەنی سوتێنراون و ئیعدام کراوون، ئەمە پەیامی ئازادکردنی حەڵەب کە تەپڵی بۆ دەکوتن، ئەمە سەرەتای پەیامی ڕوسیاو ئەسەدو هاوپەیمانەکانیانە بۆ ڕۆگاچارەی ئاشتی و وەستانی جەنگ و ئایندەی سوریا کەئەمریکاو هاوپەیمانانی نەیاتوانی بیکەن. خەڵک لەنێوان دوو هێزی تیرۆریستی و میلیشیاو دژی ئینسانیدا لەچ جەهەنەمێکدا دەژین، ئەبۆ هاتووهاواری ڕزگارکردنی حەڵەب لەدەست ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کەبەنوێنەرایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانی و جۆگرتنەوەی بەسوپای ئەسەد و ڕوسیاو هاوپەیمانانی چ لەژیانیان بگۆڕێت و چ چاوەڕوانیەک بەرەو ئایندەیەکی باشتر بکرێت، لەوەی ئەم هەفتەیە ئەنجامیان داوە.

ئەگەر تادوێنێ لەحەڵەب، ئەم ئۆپۆزسیۆنانەی هاوپەیمانی ئەمریکا بەهاوکاریەکانی سعودیە، قەتەرو تورکیا هەر لە ؛ سوپای ئازادی سوریا کەتێکەڵەیەکە لەهێزی قەومی و ئیسلامی بەتوندەوو میانەڕەوە، بەرەی نوسرە کەئێستا بۆتە فەتحی شام، کە لەلایەن ئەمریکاوە کۆمەک دەکران، ئەوا هەموویان بەپێی ڕێکەوتنەکانی لایەنەکان ئێستا کاریان لە حەڵەب تەواو بووە و دەبۆ لەناوچەکانی تریش چاوەڕوانی هەمان چارەنوسی حەڵەب بکەن. ئەمانە نیشانەی ئاشوگۆی هێز لەبەرژەوەندی ڕوسیاو پاشەکشەی ئەمریکاو هاوپەیمانانی نیشاندەدات، کەلە پێشەوی و چونەسەرەوەی تەوازنی هێز لەبەرژەوەندی سوپای ئەسەد نیشاندەدات، بەگشتی زەبەی کوشتارو ئیعدامەکانی حەڵەب بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و یوئێن، بەجیا لەسوپاسی ئەسەد لەلایەن میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی و سوپای پاسدارانی ئێرانەوە لەحەڵەب ئەنجامدراوە، وە نمایشی هیزەکانی جمهوری ئیسلامی و حزوری قاسم سولەیمانی فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران لەحەڵەب دەردەکەوێت، لەنفوزی جمهوری ئیسلامی ئێران لە سوریادا بەهەمان شێوەی لەعێراقدا، کەئەمە وادەکات نفوزیان لەیەمەنیش بچێتە سەرەوە.
ئایندەی خەڵکی حەڵەب و موسڵ لەدەورەی چەند ساڵی ڕابردوودا چۆن

بووە، ئەگەر ئازادکەرانی ئەو هێزانەبن کەئیشارەمان پێدا، ئەوا ئایندەی باشتر لەوەی کەتا ئێستا بووە باشتر نابێت، وە تەوازنی ناوچەکەش لەکێشەی نێوان سعودیەو ئێران، لەسونەو شیعەدا بەجەستەی دەکەنەوە بەرەو هەولومەرجێکی ترو دەورەیەکی تر دەڕوات.

جەنگی حەڵەب و موسڵ و دەورەیەکی نوێی کێشەی بڵاکە جیهانیەکان:

ئەگەر ئەمریکا وەک تاک بڵاک لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەموسڵ بۆیاردەر بوون، ئەوا لە سوریا لەجەنگی حەڵەبدا وانەماوە، روسیاو هاوپەیمانانی هێزن و لەپێشەوێدان و تەوازن لەبەرژەوەندیانەو هەتا تەمایلی وڵاتانی ناوچەکە رووبە روسیا گۆڕاوە، مەوقعیەتی ئێران لەسوریاو عێراق زۆر چێتە سەرەوە، دەورو یاریکردنی دوولایەنەی تورکیا لەسوریا و عێراق لەگەڵ ئەمریکاو ئێستا لەگەڵ روسیا، هاوکێشەکان و کێشەکان بە دەورەی داهاتوو لەناوچەکەدا دەگۆڕێت و تاسیراتی جیهانیشی دەبێت. ئێستا لەسوریا ئەمریکاو غەرب و هاپەیمانانی دەوری ئۆپۆزسیۆنێکی شکستخواردوو دەبینن، چ غەرب و چ سعودیەو قەتەر ناتوانن ئەم شکستە ئینکاری بکەن، ئەم کاریگەریانە بە دەورەی داهاتوو لەوڵاتەکانی تردا تاسیری دەبێت، بەوپێیە دوای جەنگی حەڵەب تاسیراتەکانی لەیەمەن و عێراق بەپێی نفوزو جێگای ئێران کاریگەری دەبێت. بەپێی ئەو رووهێنانەی تورکیا بەرەو روسیاو ئەسەد و ناوەنجیگەریە کە تورکیا لەگەڵ روسیا بە رزگارکردنی چەکدرانی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆن لەحەڵەب دەیکات، ناوەنجیگەری تورکیای نێوان روسیاو ئۆپۆزسیۆنی سوریا، و قەراری دانیشتنی سێ قۆڵی روسیا، تورکیا وئێران، پێش هەموو شت لەسەر روسیا لەبەرژەوەندی بڵاکی روسیا کاریگەری دەبێت. نیگەرانیەکانی سعودیە و قەتەرو تورکیا لەو وەزعەی سوریا کە لەبەرژەوەندی خۆیان هاوپەیمانە ئیسلامیەکان نیە، بەناچار دەبێ سازانێک لەگەڵەدەسەڵاتی ئەسەد یان روسیادا ئەنجامبدەن، سەرەتاکانی ناچاری سعودیە بە ناوەنجیگەری لەگەڵ سوریا بەڕووەیەو تورکیا ئەوە دەستی پێکردوە.هەلومەرجی ئێستای سوریا ئەوە دەردەخەن کەئایندەی ناوچەکە بەپێی بەرژەوەندی روسیا دەبێ حسابی رۆکەوتنی لەسەر بکرێت.

واتە رەوتی رۆداوەکان لەبەرژەوەندی روسیا دەڕواتە پێشەوە، وە یاریەکانی تورکیا لەنێوان ئەمریکاو روسیادا لەئێستادا، بازرگانیەکانی میسر لەگەڵ روسیادا، هەمووی باڵانس بەلای روسیادا دەشکێتەوە، بەناچار ئەوە تاسیراتی لەسەر پەیەوەندیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی غەربیش دەبێت، ئەمریکاو هاوپەیمانی ناوچەکەش دەبێ،

بەپێی تاسیراتی ناوچەیی، بەناچار دەبێ پرسەی جەنگیان لەگەڵ داعش هەواش کەنەوە، نەک ئەوەش چاوەڕوانی کۆمەکردنیشی دەکرێت، بەپێی هەواڵەکان لەناو حکومەتی عێراقیەوە، کۆمەکی تازە گەشتۆتە دەستی داعش لەموسڵ و مقاوەمەتی زیادی کردوە، هەر لەبەر ئەوە دەنگێی درێژەکێشکانی جەنگی موسڵ لەدەمی لایەنەکانی بەشداربووانی جەنگی موسڵەوەڵ هەیە. لە سوریا بەهێی جەنگی حەڵەبەوە، هەواڵی جەنگی دژی داعش چڵتە دواوەو داعش لەچەند ناوچە پشێوی کردوە. هەلومەرجی دەخاڵەتی تورکیاو یاریکردنی دوو لایەنەی تورکیا لەسوریادا، دانیشتنی سێ قۆڵی روسیا، تورکیا و ئێران، وە لەلایەکی تریەوە لەگەڵ ئۆپزسیۆن و روسیاو سوپاسی ئەسەددا، خێئامادەکردنە بۆ دەورەیەکی تر لەئایندەی سوریادا بەپێی بەرژەوەدی خێیان، کەڵ ئەو هەولومەرجە ناتوانێت ناوچە کوردیەکانی سوریا نەگرێتەوە.

لەکۆتاییدا، دەتوانین بڵین بەدوای بەرخستنی جەنگی موسڵدا، جەنگی حەڵەب کۆتایی دەورەیەکە کەئەمریکا ناتوانێت یەکلایەنە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بڵیار بدات، دنیای یەک قوتبیەکەی بەخاک سپێراو قوتبی روسیا بەهەمان بەرژەوەندی خێیەوە لەبەرامبەریدا راوەستاوەو شەریکە بەشێکی بەهێزە بۆ ئەمریکا، ئەمە بەمانای سەرەتای دەورەیەکی نوێیە لەکێشەو دانوسانی هەردوو بلۆکە جیهانیەکەو هاوپەیمانانیان، کەجەنگ و ئاشتیان بەپێی بەژەوەندیە سەرمایەداری و ئیمپریالیستیەکانیان دەبێت. ئەوەی رۆشنە بۆ ئەمە کۆمۆنیستەکان لەژێر سایەی هێزو دەسەڵاتی ئەمریکاو و روسیاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەییەکاندا تروسکاییەک کەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و بەشمەینەتی تێدا بێت بەدوای جەنگی حەڵەب و موسڵدا بەدیناکرێت، جیا لەئایندەیەکی ترسناکتر، وەناکرێت چاوەڕوانیەکی لەوەزیاتر بکرێت، جەنگی حەڵەب وموسڵ جەنگی دووبلۆکی سەرمایەداری جیهانی جیا بەهاوپەیمانی جیهانی و ناوچەیی جیاوازەوەڵ، وەستانەوەیان لەبەرامبەر ئەحزابی ئیسلامی تیرۆریستیدا، ناتوانێت یەک زەڵە لەماهیەتی سیاسەتی کۆنەپەرستی و دژی خەڵکیان بگۆڕێت، هەربۆیە رۆگاچارەی خەڵکی کرێکارو بەشمەینەت لەحەڵەب و موسڵ، لە سوریا، عێراق و ناوچەکە لەبەرامبەر بەجەنگ و کوشتارو کاولکاری و ئاوارەییان هەر سۆسیالیزمە، ئەم سۆسیالیزمە بەهەموو زەوعفێکی هێزەکەیەوە کەهەیەتی لە چینی کرێکارو کۆمۆنیزمێکی رۆکخراوو ئامادە، هەر رۆگاچارە لای ئەم هێزەیە. کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار لەم وڵاتانەدا هاوچارەنوسن، چینی کرێکارو زەحمەتکێش و بەرەی ئازیخوازو ئینساندۆست لەژێر هەژەمۆنی سەرمایەداری بەدەنگهاتنی ئەم رێزە فراوانە ملیۆنیەیە لەگەڵ هاو چارەنوسەکانیان

لەناوچەکەدا وبەدەنگهاتن و هاتنەمەیدانی بەرەی ئازادیخوازو ئینساندۆستە لەگەڵیاندا لە ئاستی جیهاندا، کەدەتوانێ رێگا بەو وەحشیەگەریەی هەردوو بلۆکی ئیمپریالیستی و وڵاتان و ئەحزابی سەرمایەداری و بۆرژوازی بگرێت.

18-12-2016

سلیمانی و دەنگی کوردستان … ئانیا ئەحمەد پور

بارگرژیەکانی سلەمانی کەلەسەرەتای سالی نویی خویندن دەستی پیکرد بریتی بو لەفشار خستنە سەر پارتی خوازان.دواتر لەدەمی بەریز مسعود بارزانی چەند وشەیەکی نەشیاو ئاراستەیان کرا، هەربۆیە لەلایەن مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناوجەکە وێ بارکرزیەکەی زیاتر کرد، ئەمەش دوای ئەوەی زۆرلایەن بریاری هاتنەبال مامۆستایانیان دا .رۆژ لەدوای رۆژ شارەکە زیاتر پەستتر خۆی دەنوینی ئەگەرجی زۆریك لەلایەنەکان ئەمە ناودەنین بە پیلانکیرانی گۆرانخوازان، بەلام خەلك پاساوی یاسایی خۆی بەدەستەوەیە وبەشیکی دیاری هاونیشتمانیانیش ئەوانەی کە لەسەر شەقامن و ئەوانەی بەهۆی هیزە ئەمنیەکانەوە ریگریان لیکراوە لەبەردەم هاتنە دەنك ئەم بەردەوامبونەیان لاباشترە.

ئەمڕۆ شارەکە بەناوی هەمو خەلکی کوردستانەوێ وەدەنگ کەوتوە لایەنیکی شاراوەش هەبو کە بەشیکی خەلکی ئەم شارە درکیان پینەکردبو لیرەبەدواوە هەستیان بەو سیناریۆیەش کرد کە ئەم دەسەلاتە هەر بەتەنیا بیدەنگ نیە بەلکو لەپال وەلامنەدانەوو خوین ساردی و بی هودەبونی ئەوان دەخاتە رووو. وە جەند بیدەنکبون لەبارکرزی ئەم شارە تاوانبارە خوین ساردی نواندنیش ئەوەندە وبکرە زیاتریش ئاشکرابونی ئەن سیناریۆیە بەهەلویستی بەریز مسعود بارزانی دەستی بیکرد کە بەئاشکرا ئیدانەی ئەم خۆبیشاندانەی کرد ئەوە جکە لەوەی لەبەردەم میدیاکانەوە جەند ش وشەیەکی ئاراستەکردن دیارە

سوکایەتیکردن بەشداری لەبەست بونی سلیمانیدا هەبوە ئەم

سەرکردانەی حوبەکان کە دانیان بەمافی خەلك دەنا بەجۆرێك لە سوکایەتیکردن بە سلیمانی بەشدارن حکومەت بیشتر وای لەخەلك کەیاندبو کە جەند کیشەیەکی کاتین و لەلیواری لەناووجوندان بەلام کاتیك روداوەکان نمایشی خۆیان کرد ئەمەشی بەتال کردەوە و متمانەی دەسەلاتی خۆی بۆ جەماوەرەکەی بەخۆراکرەکانیشەوە کەراندەوە لیرە بەدواوە جەماوەرە بەدوای سەنکی خۆی دەکەریت و مەبەستیەتی ئەو شیعارە بەکردەنی بکات بەوتەی دەسیلات کیشەی کاتین ئەمەش بەراکەیاندن و هەلمەتی راکەیاندتییەوە دیارە کە رۆژانە بەبەلکەی جۆراوجۆر وەلامی دەسەلاتی کەمەرشکین دەداتەوە لەسەر ئاستی شەقامیش جولەیان کردوە هەر لەنارەزایی تادەکاتە ئەوەی خەلك و جەماوەر وەك جاران بیدەنك نین و بەقولی هەول دەدەن بەلام شارەکانی تر وەك بیویست نەیانتوانیوە هیندەی سلیمانی لەم کاتەدا بکەنە دەنك و ئەو جەماوەرەی کە زۆر نارازین بیناجیت بتوانن بەدیلیکی ئەم هەلویستەی ئیستایان بدۆزنەوە جونکە خۆبیشاندانیش بوبەزیر تەب و تۆز و غوباری هیزە ئەمنییەکانەوە لەم نیوەندەدا بارتی دەیتوانی یاریەکی زیرانە بکات و جەماوەر بۆهەی رابکیشتیەوو بەلام ئەوەی دەیبینین وانیە و بیجەوانەکەیەتی بارتی لەم بارکرزیەدا وەك بیویست مامەلە ناکات بۆ نمونە لەکاتیکدا حزبەکان لەبیناو جەماوەر برۆزە یاسای بودجە بەسند دەکەن کە ئەمەش

سەرەتایەك بۆ ئەوەی جەماوەر هیور ببیتەوە بارتی کۆبونەوەی جیهیشت و دژ بە سیاسەتی نەمانی باشەکەوت وەستا و جەماوەری بەست و هەلجو ئەوەندەی تر قەوارەی نارەزایی فراوانتر دەکەن. لایەنیکی تر کە زۆر کرنکە باسی بکەین ئەوەیە کە جومکەی حزب بشتیوانیە بارتی لەم بوارەشدا بەرەو دواوە هاتوە نەك بەرەو بیش بروات بشتیوانی بارتی لەناوجەی سنورەکەشی بەجۆریکی بەرجاو بۆ دواوە کەراوەتەوە کە لەئاستی بەراوردا نییە. بۆ ئەمەش دەتوانین خەلکی هەولیر بخەینە بەرباس، ئەوەتا بەهەی تۆندوتیزی هیزەکانەوە خەریکن لەژیر ئاگری هەلجون دەکولین و سنوری بیدەسەلاتی دەشکینن. تەنانەت بارتی خوازانیش هەلدەگەرینەوە و بۆناو حزبەکانی گۆران و یەکیتی دەجن ئەمەش بەژمارەکانیانەوە دیارە کەجاران جەماوەرەکەی لەبەر گەورەیی سنوری بارتیخوازان ئالاو رەمزی بارتی ئاسمانەکانی دابۆشیبو، کەجی ئیستا گوت لەهیج کەسیك نابی کە بشتگیری بارتی بکات، هەکاری ئەمەش دگەریتەوە بۆفرە ریگا جەوتەکانی بارتی کە گرتویانەتە بەر، لەکاتیکدا دەیتوانی قەرەبوی هەلەکانی بکاتەوە، بەلام چونکە جاوی تەماحکاری کویری کردون نەچوە ژیر رکیف و بەیوەندی لگەل حزبەکانی تردا نەبو. لەوەشدا لایەنەکانی تر توانیان بی بەشداری بارتی

بەبیوە بوەستن و دژ بەو قەوارەیە بن کە پارتی سازی کردوە جگە لەوە رازی بونی زۆر لایەنەکان لەبەرلەمانی عیراق شکستیکی مەعنەوی بو بۆ بارتی. لەسەر ئاستی راکەیاندنیش وتە و بلاوکراوەکانیان کەم کردوە و لەمیدیا و کەنالەکان وتەیەکیان نیە بۆ وتن جکە لەوەی بەشیوەی ناراشکاوی جەند وتەیەکی دوبارە دەلینەوە. کە حکومەتی ناوەند بیەوی شیرازەی کوردستات تیکبدات و دواتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە کوردستان یەککرتوە و بارتی جالاکیەکانی لە سلیماتی نەماوە و نەیتوانیوە تەنانەت لایەنکرە رەنجاوەکانیشی ئاشت بکاتەوە بگرە تادیت ریزەی رەنجاندنی جەماوەر لەو حزبە لەو شارەدا زیاتر دەبی بۆکشتی بارتی نۆییتوانیوە وەك بیویست جموجۆل و راستکۆیی خۆی بەئاراستەی کۆکردنەوەی جۆماوەر ریکبخات. کەر بەمجۆرە بروات هاوکیشەکە بەمجۆرە دەبی کۆران و یەکیتی ئینجا یەککرتو و کۆمەل کەر بارتی نەتوانی بیگەی خۆی توندوتۆلتر بکاتەوە پیدەجی لەوەش زیاتر توشی شکست و رسوایی بۆت، بەلام لەم نیوەندەدا گۆران گرەوی خۆی دەباتەوە و پیدەجی سنوری فراوانتر وریزەیەکی بەرجاو زیاتر دەبی.